# ناكۆكی نێوان شارستانیەكان یان گرێ كوێرەی نێوان پیاوە ئاینیەكان!؟

ئەو ناكۆكیەی كەئەمڕۆ لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتان دەبینین هەرگیز ناكۆكی نیە لەنێوان دینەكاندا، هەروەها ناكۆكی نیە لەنێوان شارستانیەتەكاندا، ئەوەی هەیە ناكۆكی نێوان باوەڕەكانە كەخودی مرۆڤ دروستی كردون، ناكۆكی نێوان كاتە، ناكۆكی نێوان عەقڵەكانی سەردەمی چەرخەكۆنەكانە لەگەڵ عەقڵی سەردەم و تازەپێگەیشتوو، ئەوەی هەیە ناكۆكی نێوان پێشكەوتوخوازو كۆنەپەرستە، ناكۆكی نێوان ئازادی و داپڵۆسینە، ناكۆكی نێوان دیموكراتی و دیكتاتۆریە، ئەوەی هەیە ناكۆكی نێوان ئەو كەسانەیە كەسەیری ئافرەت دەكەن وەك دەستكەوت لەگەڵ ئەوكەسانەی كەسەیری ئافرەت دەكەن وەك مرۆڤ.

ئەوەی كەدەیبینین ناكۆكی نیە لە نێوان شارستانیەتەكاندا چونكە شارستانیەتەكان دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یەكتریدا هەرچەند ماوەی نێوانیان دوربێت لەیەكتر.

بۆ ناكۆكی نێوان دینەكانیش بەداخەوە پیاوانی ئیسلام دەستپێشخەر بوو لە دروست كردنی ئەم ناكۆكیەی كە تاكو ڕادەیەك مرۆڤ دەتوانێ ناوی ناكۆكی بەباڵادا ببڕێ، چونكە پێش هاتنی دینی ئیسلام ناكۆكی بونی هەبوو بەڵام بەم شێوەی ئەم كات و سەردەمە نەبوو یاخود بەشێوەی پاش هاتنی دینی ئیسلام نەبوو ،چونكە هەر لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام فتوای كوشتنی ئەوكەسانە درا كەنابن بەئیسلام ، هەر لەوكاتەوە ئیسلامەكان دەستیان كرد بە دابەشكردنی مرۆڤەكان بەسەر دوو گروپی دژ بەیەك ناویان لێنان مسوڵمانان و كافران(گاور) بۆ ئەوەی مرۆڤەكان دیاری بكرێن بۆ كوشتن یان ناسینەوەی كابرای كوژراو كەسەربەكام گروپە، لەوكاتەوە كوشتن بەردەوامە تائەوكاتەی تەسلیم بەئیسلام دەبن.

زۆر باشترە بۆ ئیسلام و مرۆڤایەتی بەگشتی كەمسوڵمانەكان بەخۆیاندا بچنەوە و چاو بخشێنەوە بەوكتێب و حەدیسانەی كەمنداڵانی لەسەر پەروەردە دەكەن، پێویستە ئەو پەروەردەیە بگۆڕن كەهانی كوشتنیان دەدات یان داوای كوشتاریان لێدەكات. ناتوانین سەیری ئیسلام بەبێ خەتا بكەین كە مرۆڤە نامسوڵمانەكان بەسەرلێشێواو بزانێ یان بە مەیمون و بەراز دەیانشوبهێنێ، ناتوانین بەبێ خەتا سەیری ئیسلام بكەین لەكاتێكدا پیاوانی ئیسلام سەیری مرۆڤە نامسوڵمانەكان بكات وەك گاور یان بە خواغەزەبلێگرتوو ناویان بهێنێ، چۆن دەبێت ئیسلام بەویستی خۆی مرۆڤ بە ئەهلی كتاب یان بە سەرەڕۆو گومڕا ناوببات ، بۆ دەبێ ئیسلامەكان ئەو هەموو كتێبانە بسووتێنن لەگەڵ خاوەنەكانیاندا

لەکاتێکدا تەنها کتێبێک لەلایەن مسوڵمانەکانەوە نەخوێنراوەتەوە تاکو بزانن چی تێدا نووسراوە، چۆن مسوڵمانەکان ئەو هەڵە کوشندەیان کرد کە هەموو خاوەن کتێبەکانیان کوشت و بەمرۆڤی بێ کتێب ناو زەندیان کردن ، ئەی نازانن ئەو هەموو کتێبە زانستیەی لەبەر دەستی مسوڵماناندایە لە نووسینی ئەوانو لەئەنجامی بیروهۆشی ئەوان و لەئەنجامی یەکسانی و ئازادی فکری ئەوان بەرهەم هاتووە کەتۆی مسوڵمان ئێستا سودی لێدەبینی، کەواتە دەبێ بپرسین لەمسوڵمانەکان چۆن ئەوان بە خواغەزەبلێگرتوو ناودەبەن هەروەها داوادەکەیت بەردباران بکرێن تاکو تەسلیم بە ئیسلام دەبن و تۆبە دەکەن ، باشە ئەینازانی گەر تۆ ئەو هەموو مرۆڤ و داهێنەرە زانستیانە بکوژی ئیتر تۆ ناتوانی کتێبی زانستی بخوێنیتەوە.

ئەی ڕابەرو پێشەوایانی ئیسلام چی پێویست دەکات تۆ خەڵکانی نامسوڵمان بەکافر ناوزەند بکەی یان کەسانی علمانی بە ملحەد ناو بەری، بەڵام کاتێک تۆی مسوڵمان بێهێز و کەم دەسەڵات بووی داوات دەکرد هەرکەس دینی خۆی بۆ خۆی کەس هەقی بەسەر باوەڕی کەسی ترەوە نەبێت(سورەتی الکافرون) ئەم ئایەتانەی ناو ئەم سورەتە بێهێزو کەم دەسەڵاتی تۆی مسوڵمان دەردەخات، پێویستە نەترسین کاتێک بەئیسلامیەکان دەڵێین کەی ئەوە کێشەی تۆیە من کێ دەپەرستم یان چی باوەڕێکم هەیە، هەروەک هەقی من نیە لە تۆ بپرسم بۆ بووی بەئیسلام یان لەکەیەکەوە ئیسلامی ، کەی کێشەی نامسوڵمانان لەگەڵ تۆ ئەوەیە کە عیسا کوڕی خوایە یان کوڕی خوا نیە، گرنگە هەرکەس ڕێگە بدات بەوی تر بەئازادانە لێکۆڵینەوەی بێترس بکات تا بگات بەئامانجێکی ڕاست یان نزیک لەڕاستیەوە.

زۆر باشترە بۆ مسوڵمانەکان تەنها لەڕێگەی شمشێرەوە خۆیان نەسەپێنن، تەنها لەڕێگەی حەدیسو سونەتەوە ڕێگای ژیانی خەڵکی دیاری نەکەن، زۆر باشترە تەنها لە چاوی مەلاو پێشەواکانیانەوە سەیری دنیا نەکەن ،چونکە دینەکانی تریش بەهەمان شێوەی ئیسلام توندڕەو بوون و لەلاواز بوون دەترسان، بەڵام ئێستا بەهۆی ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤەوە دینەکانیش پارێزراون ، تەنها ئەوەی گۆڕاوە فکرو هۆشی مرۆڤەکانە هەمیشە لەگەشەدایە دنیایەکیان بۆخۆیان مسۆگەرکردوە دەتوانن بڵێن ئێمە بەهەشتی ئەم دنیایەمان دەوێت خۆمان هەڵناگرین بۆ بەهەشتێک تەنها بەخەیاڵ بوونی هەیە، باشترە مسوڵمانەکان خۆیان پرسیار لەئیمام و مەلاکانیان بکەن بۆچی وشەی تیرۆر بووە بە پاشناوی ئیسلام، بۆ شمشێر و چەقۆی تیژو پشتوێنی ئامادەکراو بە مادەی

تەقەمەنی تەنها لای ئیسلامەکان بوونی هەیە، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر کێشە لەنێوان مرۆڤەکاندا سەری هەڵداوە ڕەنگە زۆریان پیاوانی ئاینی هۆکاری بووبێت بەڵام هیچ کام لەدینەکان بەوێنەی پیاوانی ئیسلام کێشەی نێوان مرۆڤەکانی قوڵنەکردۆتەوە، جێگەی باوەڕە هیچ ڕابەر یان ئیمامێکی دینەکانی تر بەوێنەی ڕابەرو ئیمامی ئیسلام خەڵکیان هاننەداوە هەمیشە شمشێریان لەدەستدابێت، بۆ نمونە مەسیحیەکانی ئەڵمان لەژێر سایەی حیزبێکی نازیو دژەمرۆڤ کوشتارێکی بێ وێنەی جوولەکەکانی ئەڵمان و وڵاتانی دەورو بەریان کرد، بەڵام یەک جوولەکە بۆ تۆڵە سەندنەوە خۆی نەتەقاندەوە لەناو فەرمانگایەکدا یان لەناو کەنیسەیەکدا، یان لەناو چێشتخانەیەکدا ، چونکە باوەڕیان بەمانەوە هەبوو بۆ زیاتر خزمەت کردن بەدینەکەی خۆیان، هەروەها هیچ ڕابەرێکیان بەوێنەی ڕابەرو ئیمامەکانی ئیسلام خەڵکیان هاننەئەدا بۆ خۆتەقاندنەوەو شادبوون بە ئەو ٧٢ حۆریەی لەبەهەشتی مسوڵمانانندا چاوەڕوانی خۆکوژانە، دەبێ مسوڵمانەکان خۆیان ئەوپرسیارە بکەن ئایە بۆ ئەو ئافرەتە خۆکوژانە کەدەچنە بەهەشت چەند حۆری نێرینە ئامادەکراوە؟، ئایە مسوڵمانەکان پرسیاریان لە ئەمیرەکانیان کرد بۆ دەبێ لەناو چێشتخانەیەکدا خۆمان بتەقێنینەوە لەکاتێکدا مرۆڤەکان خەریکی نان و ئاو خواردنن!؟ بۆ مسوڵمانەکان لە ئەمیرەکانیان ناپرسن چۆن ئێمە ئەو خەڵکە بێتاوانە بکوژین لەکاتێکدا هەموو دەزانن خودا دەفەرمووێ کوشتنی کەسێک بێ تاوان مانای کوشتنی مرۆڤایەتیە بەگشتی!؟ باشترە مسوڵمانەکان لە مەلاو ئیمامەکانیان بپرسن ئایە ئێمە چیمان کردوە بۆ مرۆڤایەتی یان دەتوانین چیان بۆ بکەین تاکو لێمان نزیک ببنەوەو لێمان نەترسن؟ پێویستە مسوڵمانەکان لەخۆیان بپرسن ئایە چی بکەن بۆ خەڵکی پێش ئەوەی داوای یەکڕیزیو تەسلیم بوون بە ئیسلامیان لێ بکەن .